
# کوردستانی ئەوینی من

## ئەحمەد دەشتی



کوردستانی ئەوینی من
ئەی ئاوازی بەرزی ژین و برینی من
وادەمێکە دور دوورم لێت
سالەهایە لە تاراوگەو دەربەدەری
لە تاوانت لەم غوربەتەم
ئۆخەم نیە و بۆت دەسوتێم
من بەهیوای ناو دەروونم
هەرچەند کەوا دوریشم لێت
بەلاّم دڵ و گیانم لێت نەزیکە و
هەموو تەمام تەنیا تۆیە
کە ڕۆژی بێ و بەم زوانە
من بێمەوە باوەشی تۆ
شاد بمەوە بە دیمەنی شیرین و جوانی
بەبێ وێنە و ڕەنگینی تۆ
پەرواز پەرواز باڵ بگرم و
بگەڕێمەوە کۆساران و
دەشتی جوانی هەولێری تۆ
جا چش لەوەی کە ئەوساتە
من بمرم و بە باوەشی خۆشەویستی
تۆ و یارانم شاد بمەوەو
لەو نەزیکەو لەو سەرانەم
بزەی لێوان جارێکی تر ببینمەوە
منی نامۆ و بێ سایەی تۆ
لەم غوربەتە و بیانیەم
لەم ژیانە پڕ گریان و ئاوارەییەم
جیا ببمەوەو بێمەوە لات
ئەمن هەرگیز تۆی شیرینم لێ ون نابی و
لە پشووی ژین و هەناسەما نەزیک تری
لە ناو خانەی گشت خەیال و شیعرەکانم
وێرایً دۆست و هەڤالانم
لە گەڵ زنارو تاشە بەردی سەردیمانم
لە گەل هەموو سیماکانی لێرەوار و
هەولێرەکەی زێدی جوانم
بۆ ساتێکیش لێم جیا نین
قەت لە دڵ و خەیالّم دا لێم جودا نین

بەهیچ کلۆجی ئەوینی تۆ
لەم دڵەی من قەت دەرناچی و
بە قوربانی هەموو دەشت و
چیاو لوتکەو هەڤالانم
هەرچەند لێرە لەم سایەدا
تەمەن دەڕواو
هەر وەکو شەم دەتوێمەوە
کوێستانانم پڕی بەفرە و
وا خەریکە دەبڕێمەوە
بەڵام جوانی و خۆشەویستی
تۆی ئازیز و هەر لە یادم
دەمباتەوە ڕۆژگاری چوو
وا دەزانم هەر ئەمرۆیە
کە لە ڕێی تۆ خۆم بەخت کرد
هەرچەند دڵی پڕ ئازار م
لەم دوور دوورە و غەوارەییە
تانەی مەرگم بۆ دەهێنێ
بەڵام گیاینە کوردستانم
هەتا پشووی ژینم هەبێ
با لە تاوت لەم ژیانەم
با لەدووری وپەریشانیش ژینم نەبێ
بەڵام هەرگیزتۆی ئازیزم لە یاد ناکەم
لەم دڵەی وا پڕ برینم
ئەمن تەنیا بۆ جاریکیش
تۆی ئازیزیم قەت ون ناکەم
هەمو دەمێ هەمو کاتێ
چێ ژیان و چی هەبوونمە
هەمووی قوربان تۆیا دەکەم
دەستی ڕەش و نەحسی دوژمن
دەبڕمەوە و هەروەکو  سەگ
داگیرکەری خاکی جوانت من پەت دەکەم
مەرزی سوری زەوت کراوت
بە ئاڵای کورد دیار دەکەم
سەربەخۆیی تۆی ئازیزم
لەم جیهانەم وەسەر دەخەم
*

